# ڕۆژنامه و تازەگەری

نیهاد جامی

لەدایکبونی چاپخانە بەرەنجامی دۆخێکی جیاواز بوو بۆ پێشڤەچونی کۆمەڵگا، کە بەیەکێك لە بەرهەمەکانی تازەگەری دادەنرێت، تازەگەری چەندە بەشداری کرد لە تەکنەلۆژیای وێرانکەر هێندەش سوودی بە مرۆڤایەتی گەیاند، بەمانای چۆن توانی چەکی ئەتۆمی و گازی ژەهراوی بێنێتە دی، ئاواش کەناڵەکانی پەیوەندی گەشە پێدا و لەناو پەیوەندی ساکار گۆڕی، هەر لە شێوەی نامە ناردن و چاپخانە و تا لەدایکبونی کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن.

دۆزینەوەی پیتی چاپ و دوای ئەویش چاپخانە لەدایکبونی ڕۆژنامە بوو بۆ ئاگاداربوون و هۆشیار بوونەوەی کۆمەڵگا، هێنانی سەکۆیەك بوو بۆ دەنگی خنکاو، ئازاد کردنی نهێنی بوو بۆئەوەی شوناسی لەدەست دراو نەکەوێتە نێو پەراوێزەوە، وەك چۆن بووە کەناڵێك بۆ گوزارشت کردن لە بۆچونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەگەرچی لە ڕوویەکدا ئەو دامەزراوە توانی بەشداری لە دەسخەرۆدانی کۆمەڵگا بکات.

مێژووی مرۆڤی کوردی لەتەك ڕۆژنامەدا حیکایەتی قبووڵ کردنی تازەگەریە، بەو پێیەی ڕۆژنامە بۆ ئێمە ئەزمونێکی تازەگەر بوو، قبووڵ کردنی تازەگەری بوو لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگادا، حیکایەتی ئەو پیاوە کوردەی لە قاهیرە یەکەم ڕۆژنامە بەناوی کوردستان دەردەکات، پەیوەندی نێوان ڕۆژنامە و ناسیۆنالیزمی کوردی بە ئاقارێکی تازەدا دەبات، ئەوە  گەر ئەو ڕاستیەمان بیر نەچێت کە ناسیۆنالیزم بۆ خۆی بەرهەمی تازەگەرییە، دەرکردنی ڕۆژنامەیەك لە مەنفادا بەو ناوە بەمانای دەیەوێت شوناسی کوردبوون لەفەوتان دەرباز بکات، لە ڕەهەندێکی تریشدا مەبەستیەتی لەڕێگەی ڕۆژنامەوە  ئەو شوناسە بە ئاقارێکی نوێدا ببات، بەڵام وەك چۆن تازەگەری بۆخۆی دابەش بۆتە سەر ماددی و عەقڵی، ئاواش ڕۆژنامە لەدنیای ئێمەدا دابەش بۆتە سەر دوو جۆر ڕۆژنامە، ئەو دابەشبونە بەرەنجامی پۆلین کردنی دنیای کوردیە لەنێوان جەللاد و قوربانی، فاشیزم و شۆڕشگێر.

ڕۆژنامەی کوردی لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دابەش بۆتە سەر ڕۆژنامەی شاخ و ڕۆژنامەی شار، ڕۆژنامەی شاخ بە تەکنیکێکی هەرە لاوازەوە بەچاپێکی کاڵی ووردی ناشیرین دەردەچێت، بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەو ڕۆژنامەیە بخوێنرێتەوە ئەوە خەونی کوردبوون وئومێدی ژیاندۆستیە، مرۆڤی کوردی هەست دەکات ڕۆژنامەی شاخ دەنگێکە بۆ گوزارشت کردن لەخۆی، بۆیە ئەو ڕۆژنامەیە کاتێ دەگاتە شار سەرباری قەدەغە بوونی، بەڵام لەناو کیسەی نایلۆن دەپێچرێت و لەناو قەدی گۆڤارەکان

دەشاردرێتەوە و لەچاپخانەکان  ئەودەست و ئەو دەست دەکات، ئەو ڕۆژنامەیە سەرباری ئەوچاپە ناشیرینەی، بەڵام مرۆڤی کوردی هەست دەکات دەنگێکە بۆ هۆشیار بوونەوەی ئەوی قوربانی لەبەرامبەر جەبەرووتی فاشیزم، بەوەی چۆك دانەدات و هێزی بەرگری تیا درووست دەکات، خوێنەرەکانی ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر نوخبەیەکی سیاسی بوون کە ئومێد و خەونیان وابەستەی هێزی شاخ کردبوو.

هەرچی جۆری دووەمی ڕۆژنامە بوو ڕۆژنامەی شار، ئەو ڕۆژنامەیە بە چاپێکی جوان و فۆنت و وێنەی ڕازاوە دەردەچێت، بەڵام ڕۆژنامەیەکە شوێنی ئومێد نیە، ئەوانەی ڕاستەوخۆ کاریان تیا دەکرد زیاتر بریتی بوون لەو ڕۆژنامە نوسانەی ئینتیمای بەعسی بوونیان تیا بوو، بۆیە وەك رۆشنبیری بەعسی تەماشا دەکران و متمانەی ڕۆژنامەوانیان لەلایان کۆمەڵگاوە لێ وەرگیراوەتەوە، چونکە کەناڵێکە بۆ گوزارشت کردن لەدەنگی بەعس و دیکتاتۆرەکەی، ئەو ڕۆژنامەیە کاتێ بەزمانی کوردی دەردەچێت درێژەی متمانەی بەعس نیە بە بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی لەکاتی بەیاننامەی یانزەی ئازاری ، بەڵکو ئەو ڕۆژنامەیە و دەرکردنی ڕۆژنامەی تریش مەبەستێکی سەرەکی لەدوا بێت پەیوەندی هەیە بە بڵاوبونەوەی ئایدیای فاشیزمی بەعس بە زمانی کوردیەوە، تەنانەت ڕێگەدان بە بڵاوبونەوەی چالاکیە ڕۆشنبیریەکان و نوسینی ووتاری ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی بڕوابوون نیە بە مومارەسەی چالاکی کولتوری، بەڵکو لەپاڵ ئەو چالاکیانەوە گوتاری بەعسیزم وەستاوە.

دەرکردنی هەردوو ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بەشێوە زاری سۆرانی و ڕۆژنامەی (بزاڤ) بەشێوە زاری کرمانجی، ئازادبوون و برەودان نیە بەچالاکی کولتوری، هێندەی دەبێت سەیری ئەو قۆناغە بکەین کە ئەو دوو رۆژنامەیەی تیا دەرچوو، کە بەدوای پرۆسەی ئەنفال بوو، تیایدا لەپاڵ هەر ووتارێکی رۆشنبیری چەندین لاپەڕەی بۆ ستایشی جەللاد و جینۆساید کردنی مرۆڤی کوردی تەرخان کردووە، ئەو ڕۆژنامەیە دواجار نەك هەر لەلایان خوێنەری کوردەوە بەکەم بایەخەوە سەیر دەکرێت، دواجار وەزیفەی لە خوێندنەوە و هەڵگرتن وەك ئەوەی لەبەرامبەر رۆژنامەی شاخدا دەبینین دەگۆڕێت بۆ کەرەستەی دوکانی ئوتوی بازار و جلە ئوتو کراوەکانمانی تیا دەپێچرێت، یا دەیکەین بەسفرەی نان خواردن، ئەوەش نەك هەر لای مرۆڤی کوردیەوە، بەڵکو پەیوەندی نێوان سفرە و رۆژنامە بووە بە کولتورێکی دیاری مرۆڤی عیراقی، ئەوە وەك یەکێك لەحەرامەکان سەیر ناکرێت، هێندەی وەك دیاردەیەکی کولتوری تەماشا دەکرێت، هەموومان لەیادمانە ئەو کاتەی دیکتاتۆر لەیەکێك لەسەردانەکانی هەشتاکانی بۆ بەرەی جەنگ بۆلای سەربازەکان چوو، پرسیاری ئەوەی لێکردن ئایا ڕۆژنامەیان پێ دەگات، یەکێك لە سەربازەکان گلەیی نەگەیشتنی ڕۆژنامەی کرد و ووتی"بڕوا بکە جەنابی سەرۆك ئەوە بۆ دوو مانگە دەچێت لەسەر ئەرز نان دەخۆین و رۆژنامەمان پێ نەگەیشتووە"

ئەو نمونەیە ئاماژەیەکی دیاری ئەو پەیوەندیەمان بۆ ئاشکرا دەکات ئەو پەیوەندیە بەرەنجامی

بێهودەیی ئەزمونی رۆژنامەگەری ئەو کۆمەڵگاییە کە تیایدا بەعس لەڕێگەی دامەزراوەکانی تازەگەری کۆمەڵگا بەرەو پێش نابات، هێندەی تازەگەری بۆ ئەو هەموو چالاکیە مرۆییەکان و پەیوەندیە سرووشتیەکانی کۆمەڵگا و ئەگەری ژیاندۆستی پەك دەخات، ئەوە تازەگەری بوو گەیشتبوە دواین هەرەمەکانی خۆی و گازی ژەهراوی بۆ بەعس بەرهەم هێناو تراژیدیای هەلەبجەی خوڵقاند.

تیایدا ڕۆژنامە تراژیدیای گۆڕی بۆ سەرکەوتن، بەوەی هەڕەشە لەسەر بەعس بووەو دوژمنەکانیان ئەو کارەساتەیان خوڵقاند نەك ئەوان، هەموو  ئەوانە پێمان دەڵێن ئەزموونی ڕۆژنامەگەری ئەزمونێکی ناشیرین بوو، ئارایشتێك بوو بۆ شاردنەوەی ناشیرینەکانی ئەو دیو ڕووخساری مەرگ، دڵنیابوون لەوەی هەواڵەکان و بابەتەکانی ڕۆژنامە دوورن لەڕاستی واقیعێکە چۆتە ناخی کۆمەڵگاوە، بۆیە ئەمجارە بەعس ڕۆژنامەی (راصد) دەردەکات، ئەو ڕۆژنامەیە پڕیەتی لە نوکتە و درۆی ڕاستەوخۆ، خوێنەری لەهەموان زیاترە، چونکە درۆکان ئارایشت ناکرێن، درێژەی ئەزمونی کۆمیدیای رۆژنامەگەری بەعسە.

ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك ئەزمونێکی تری ڕۆژنامەگەری بوو، بەلاّم ئەزمونێك لەڕووکەشدا پەیوەندیی بە تازەگەریەوە هەبوو، دەنا لە جەوهەردا خاڵی بوو لەهەر پرۆژەیەکی تازەگەری، چونکە تازەگەریەك نەبوو لەڕووی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەلاّیەتی و کودەتایەك بێت بەسەر پێکهاتەی عەقڵی کوردی، ئەو ڕاپەرینە هێندەی خەونی گۆڕینی دەسەلاّت و ڕزگاربوون بوو لەدەستی بەعسی، هەڵگری پڕۆژەیەکی کولتوری نەبوو، ڕاستە ڕۆژنامەی جیاواز و گروپە سیاسیەکان ڕۆژنامەی خۆیان هێنا ئاراوە، بەلاّم ئەو ڕۆژنامانە جیاوازی فیکری بەرهەمی نەهێنان، بەڵکو دەبوو حزب ڕۆژنامەی خۆی هەبێت بۆ هەر شە ڕ و پێکدادانێك وەك لە ئەزمونی شەڕی ناوخۆدا بینیمان، ئەو شەڕە ڕۆژنامە و زمانی تایبەت بەخۆی بەرهەم هێنا، لەبەرامبەر ئەوەدا پێویستی بە دەنگێك هەبوو بەدژی شەڕو سەکۆیەك هەبێت بۆ گوتاری ڕەخنەیی لەلایان ڕۆشنبیرانەوە، کەپێشتر لەڕێگەی پڕۆژەی چەندین گۆڤاری فیکریەوە، ئەو ئەزمونە تاقی کرابۆوە، بەلاّم ئەمجارەیان ئەو ئەزمونە پێویستی بە گۆڕان بوو لە گۆڤارە وە بۆ ڕۆژنامە.

لەدایك بوونی ڕۆژنامەی هاولاّتی دەنگێکی قۆناغەکە بوو، بەلاّم دەنگێکە تاڕادەیەکی زۆر نەیتوانی داکۆکی لە هەستی ڕۆژنامەنووسی بکات، هێندەی ووزە و خەیاڵێکی فانتازیی ئەدەبی بەسەریەوە زاڵە، لەڕووی سەیر کردنی بۆ ڕووداوەکان و هەندێك جار لەڕووی مامەڵەکردن لەتەك داڕشتنەوەی هەواڵ لەبارەی هێزە مەرگدۆستیەکانی دژی کۆمەڵگا، ئەو ڕۆژنامەیە لەهەندێ باردا ئەوەی بیرچوو کە ئەو بەشێکە لەبنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو بیرچوونە وایکرد کە ئەو ڕۆڵی موساوەمە کردنی لەتەك ڕووداوەکان و هەندێ جار لەتەك هەڕەشەکردن لەسەر ئەندامەکانی خۆشی، ئەوە جگە لەوەی ئەو کەناڵە بووە بە دەرخستنی دەنگی دژە حزب و خنکاندنی دەنگی بەشێکی تر، بەمانای

نەیتوانیوە سەکۆیەك بێت بۆ قبووڵ کردنی جیاوازی دەنگەکانی ناو کۆمەڵگا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو سەرنجانە ئەو ڕۆژنامەیە توانی ببێت بە دەروازەیەك بۆ لەدایکبونی ڕۆژنامەی ناحزبی، بەو پێیەی پێشتر ڕۆژنامەکان ڕاستەوخۆ سەر بە حزب بوون، ئیدی سەردەمی لەدایك بوونی چەندین ڕۆژنامەی ناحزبی و ئازاد لە دەسەلآتی حزب لەدایك بوون ئەگەرچی زۆرجار بەهۆی کێشەی دارایی ڕۆژنامەکان پەکیان کەوتووە، ئەگەر تازەگەری لەڕووی ڕۆژنامە سوودی بە ئێمە گەیاندبێت دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە ئەو ڕۆژنامانە لەڕووی تەکنیکی کاری ڕۆژنامەنووسی توانیویەتی سوود مەند بێت لە ئەزمونی کولتوری جیاوازی ڕۆژنامە نوسانی بیانی بە تایبەت لەڕێگای ۆرك شۆپەکان وهەروەها لەبینی فۆرمی ڕۆژنامەی جیاواز.

ئەزمونێکی تری تازەگەری لەتەك ڕۆژنامەدا لەدایکبونی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بوو، بەوەی ئەو رۆژنامەیە چۆن خۆی لە ماڵپەرە کان جیا دەکاتەوە، کە نەبێتە شوێنێك بۆ هەڵچونی دەروونی و جنێودان بەیەکتری، کە ئەوە بووە بە زمانی مالپەرەکان، ئەوە جگە لەوەی رۆژنامەی ئەلکترۆنی پەیوەندیی ڕۆژانەی خۆی لەتەك خوێنەر نویٚ دەکاتەوە، گۆڕینی ماڵپەری دەنگەکان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی یەکێکە لە ئەزمونە نوێیەکانی تازەگەری و رۆژنامە لەدنیای کوردیدا، بەتایبەت لە ڕووی ئیلتیزامی ڕۆژانە بە خوێنەر و بایەخ دان بە جۆری بابەت و پاراستنی زمانی نووسین.

کە ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی شوێن بە ڕۆژنامەی کاغەز لەق بکات بەتایبەت کە دەبینین بەشی زۆری ڕۆژنامەکان بەهۆی ئاستی لاوازیان پەنا دەبەنە بەر دەنگەکان بەو شێوەیە ئیفلاسی خۆیان ڕاگەیاندووە.

ڕۆژنامەکان بەبیٚ پرس کردن بەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیە و بە نوسەرەکانی ووتار و بابەتەکانیان بلاٚو دەکەنەوە، بۆیە سەیر نیە کاتیٚ سەیری ڕۆژنامەیەك دەکەیت ووتارێکی خۆت دەبینیت، هەندیٚ جار ووتارێکت چەندین ڕۆژنامەی لاواز بلاٚوی دەکەنەوە، خوێنەرانیش واتێدەگەن گوناهی نوسەرەکانە نەك ڕۆژنامەکان، کە سوود لە بابەت و ناوبانگی نوسەران وەردەگرن بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامەکانیان، هاتنی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ قۆناغی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی یەکێکە لەدەسکەوت و بەرهەمەکانی تازەگەری، شانازیەکە کە دەکریٚ ئیتر نوسەران لەماڵەوە ووتار بنوسن و بۆ ڕۆژنامەی بنێرن، بێئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەکەسەوە بکەن، هەر لەماڵەکەی خۆیدا هەمو شتێك ڕووبدات خوێنەریش هەر لەماڵەکەی خۆی ڕۆژنامەکە و وتارەکانی بخوێنێتەوە، بەبێئەوی چیتر سانسۆری حزب ووتارەکان زیندە بەچال بکات یان دەستکاری فکری نوسەر و ناوەرۆکی بابەتەکان بکات، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەو گەشەسەندنە بە پەیوەندیی نێوان نوسەر و خوێنەر دەبەخشێت و کەچی ڕۆژنامەی کاغەز دەیەویٚ لەڕوویەکدا خۆی لە ئیفلاسی بابەت و بەشداریی نەکردنی نوسەران ڕزگار بکات لە ڕویەکیتریشدا ووتارەکان بەپێی بەرژەوندی سیاسی خۆی مۆنتاژ بکات، با لە کۆتایی ئەو نوسینەدا نمونەیەکی خێرا بێنینەوە کە نمونەیەکی دەگمەن نیە، بەڵکۆ ڕۆژانە لەتەك نوسەران

دووباره دەبێتەوە، ئێمە لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەنگەکان ووتارێکمان بلأوکردۆتەوە بەناوی (هاولأتی و شەقام) بابەتەکەشمان بۆ ڕۆژنامەی (هەوالٚ) ناردووە، ئەوانیش بابەتەکەیان وەك خۆیان بلأو کردۆتەوە کێشەکە لەنێوان (هەوالٚ و دەنگەکان) نیە، بەڵکو لە ڕۆژنامەی (ڕێبازی ئازادیە) کە بێئەوەی پرس بەکەس بکەن، ووتارەکەیان لە ژمارە (437) ڕۆژنامەکەیان بلأو کردۆتەوە، هەڤالأنی ڕێبازی ئازادی پێیان شەرمە پرس بە نوسەرەکان بکەن و ووتارەکانیشیان بلأو دەکەنەوە بێئەوەی لەژێریدا بنووسن کە لەدەنگەکگان وەرگیراوە و بەپێی مەبەستی سیاسی خۆیان مۆنتاژیان کردووە، هەڤالأنی ڕۆژنامەنووسی ئەو حزبە تەواویی ئەو پەرەگرافەیان لەووتارەکە دەرهێناوە کەخزمەتی بە پەیوەندیی بە حزبەکەیان نەکردووە کە لێرەدا وەکو خۆی بەبیریان دێنمەوە، ئەوەی ئەوان لایان بردووە ئەوەیە" بەلأم کاتیٚ دەسەلأت سەیر دەکات لەبەردەم هەر زەبرە و زەنگێك هاولأتیان بێدەنگن، مانای وایە توانای درێژە دانی دەسەلأت بە ناشیرینیەکانی شەرعیەتی پیٚ دەدرێت، پێشتر لە ووتاری (تازەگەری و خیانەت) ئاماژەمان بەوە دا کە ڕووداوی (31) بەتەنیا ڕووداوێك نیە ڕوویدابێت بەڵکو توانای هەڕەشەکردنی هەیە لە داهاتوو، یەکێك لەهەڕەشەکانی ئەوەتە لەدوای دە سالٚ بەسەر ئەم ڕووداوە دەردەکەوێت، کە بەخشینی خەسڵەتی بێدەنگیە، بێدەنگی پەیوەندیەکی سەیری بە زەبروزەنگ نواندنی دەسەلأتەوە هەیە، بۆیە بۆ ئەوەی کۆتایی بە زەبرو زەنگ بێت "

دەبێت ئەو ڕۆژنامەیە چۆن متمانە لەلای خوێنەر درووست بکات ئایا بەو کارەیان خۆیان هەست بەتەریق بوونەوە دەکەن؟ یاخود بۆچی خۆیان تووشی ئەو ژانە سەرە کردووە، چونکە وەك پێشتر سەرنوسەری ئەو ڕۆژنامەیە بلأوی کردبۆوە دواتر بەخۆشمی ووت کە ئەوکاتیش بەبیٚ ئاگاداریمان ووتاری (حیکایەتی فەرزەندەکان و باوکی موقەددەس) یان بلأو کردبۆوە، گوایە ئاسایشی سلێمانی سەرجەم ڕۆژنامەکانیان لەبازار کۆکردونەتەوەو برادەرانی (یەکێتی) ش گلەییان لە کاکە حەمە کردووە کە هاوپەیمانێتی وا نابێت، ئەمجارەیان هەڤالأن هاوپەیمانێتی خۆیان لەتەك پارتی تێك نەداوە، بەلأم لەلای منێکی نوسەر زۆر بەشەرمەزار دەیان بینم و دەبێت خۆشیان لەتەك خوێنەر هەڵویستیان چیبێت.